Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080103

# بنیاتی کارەکتەر لەچیرۆکی (کۆتری سپی)ی فرات جە واهیری و ڕۆمانی ( بووە کوێرە )ی صادق هیدایەتی دا

## - توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە -

هەردی حسن مولود                                        عماد شکور محمود

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان // پەروەردەی کەلار

*Article Info*

Received: January, 2021

Accepted :February,2021

Published :April ,2021

*Keywords*

کارەکتەرسازی،    کۆتری    سپی، بووەکوێرە.

*Corresponding Author*

emad.shkur2014@gmail.com

**پوختە**

کارەکتەر ڕەگەزێکی دیارو گرنگی نێو پانتایی ڕۆمانە، هەروەها توخمێکی سەرەکییە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بنیاتنانی ڕۆماندا، چونکە بەهۆی کارەکتەرەوە خوێنەر ئاگاداری گۆڕانکاریی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمان دەبێت. دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بەبێ بوونی کارەکتەر ناتوانرێت ڕۆمانێك بنیات بنرێت، دەگوترێت شوێن و کات و ڕووداو ... هتد، هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر کار دەکەن.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: لە ڕەخنەی نوێی کوردیدا، ئەم بابەتە گرنگیی پێدراوە، بەڵام بەشێوەی بەراوردکاری کەمتر بایەخی پێدراوەو توێژینەوەی کەمی لەسەر ئەنجام دراوە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە، ئاوڕێك لەم سوژەیە بدەینەوە، بابەتی (بنیاتی کارەکتەر لە چیرۆکی (کۆتری سپی) فرات جەوەری و (بووەکوێرە)ی سادق هیدایە تی)، بوو بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان.

میتۆدی نوسینەوەی توێژینەوەکە: لە نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا سودمان لە ڕێبازی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری وەرگرتووە.

ڕیزبەندی بابەتەکە:

توێژینەوەکە لە دووبەشدا خۆی دەبینێتەوە:

لەبەشی یەکەمدا زاراوەو چەمك و پێناسەو گرنگی کارەکتەر ڕوونکراوەتەوە.

لەبەشی دووەمدا پراکتیزەی بەراوردکارییەکەمان خستووەتە ڕوو.

## پێشەکی

بەشی یەکەم

1-1: چەمك و پێناسەی کارەکتەر:

کارەکتەر، ڕەگەزێکی دیار و گرنگ و پڕ بایەخی نێو دەقی ڕۆمانە، بۆیە ڕەخنەگران و نوسەرانی ڕۆمان بەجدی ئاوڕیان لەم سوژەیە داوەتەوە، لەپاڵ ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆماندا، هەروەها گرنگیی ئەم بابەتە وای کردووە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا جێگەی تێڕامان بێت و پێناسەی جۆربەجۆری بۆ بکەن. لەزۆر سیفەت و شکڵی کارەکتەر کۆڵراوەتەوە و ((هەموو شوێنێکی وەسفکراوە، تەنانەت جل و بەرگەکەشی))(مەنتك، 2013: 159)، لەهەربارێکدا بێت کارەکتەر ((بەو کەسە دەگوترێت کە لە دونیای داستان و چیرۆك و ڕۆمان و ئەفسانە و نمایشنامە بوونی هەبێت، ڕۆڵێکی سەرەکی یان لاوەکی بنوێنێت))(ایرانی، 1380: 590). کارەکتەر لەناو بەرهەمێکی ئەدەبی، یاخود هونەری بونیاد دەنرێت، لەبەر ئەمەیە کە هەمیشە کارەکتەرەکان ناواقیعین و بەرهەمی زادە و خەیاڵی نووسەرن، هەربۆیە ((هەڵەیە ئەگەر بەچاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین، جا ئەگەر لەگەڵ ژیاندا لێکچونیان هەبێت، یاخود نا)) ( سەراج، 2007 :12).

کارەکتەر جۆرە کەسایەتییەکە لەکۆمەڵگادا، لە ڕوانگەی دونیابینیی خودی نووسەرەوە بونیادنراوە، هەروەك ئەوەی ئەبرامز دەڵێت: کارەکتەر کەسانێکن لە نمایشنامەیەك،

یاخود بەرهەمێکی تایبەتدا لە خۆگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و ئاکاری هۆشیارانەی پێشتر ناسێنراون، ئەم تایبەتمەندیانە لە رەفتارو کردارياندا رەنگدانەوەی دەبێت، ((عبداللهیان،1381: 52)). ئەگەرچی کارەکتەر بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە، بەڵام (( دەتوانن شوێنگرەوەی رەگەزی خوازراون، هەم بکەری رووداوەکانن، هەم زمانحاڵی دروستکراوەکەین. هەموو دروستکراوێکی ئینسانی و خەیاڵی بەشێوەی تایبەتی خۆیان ژیاندەکەن، هەستدەکەن و درك بەدەوروبەر و جیهان دەکەن))(برۆنۆف، 1378: 187).

**1-2: جۆرەکانی کارەکتەر:**

بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی کارەکتەر، چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە، عەبدوڵلا سەڕاج چەند جۆرێك لە کەسایەتی دیاری دەکات و دەڵێت: دەکرێت پەنجە بۆ چەندین جۆری کەسایەتی درێژ بکەین، وەکو کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی، کەسایەتی ساکار و بەگرێ، کەسایەتی سەنگین و گاڵتەجار، کەسایەتی ئاسایی و شاز، کەسایەتی رەسەن و کارتۆنی، کەسایەتی واقعی و خەیاڵی، کەسایەتی راستەقینە و هێما(سەراج، 2007: 13).

ئەم دابەشکارییە جێگای بایەخی رەخنەگران و نوسەران بووە، چونکە باوەڕیان وایە: دابەشکردنی کارەکتەر بۆ چاك و خراپ، ژیر و نەفام، هەڵەیە، واتا دوالیزمی کەسێتییەکان رەتدەکرێتەوە (خەیات، 2019: 25). جۆرەکانی کارەکتەر لەناو رۆماندا زۆر و جۆربەجۆرن، بەپێی گۆڕانکاریەکانی ژیان و کۆمەڵگا. ژیانی مرۆڤەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە کارەکتەرەکانی ناو رۆمانیش لەسەر ئەم تەرزە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، د. محمد غنیمی رای وایە: کارەکتەر بەپێی ئامادەبوونیان لەناو رووداوەکانی رۆماندا دەبن بە دوو بەشەوە کارەکتەری ((سەرەکی و لاوەکی)) (غنیمی، 1996: 533).

رۆماننووس ناخوازێت کارەکتەر بەوشێوەیە دروستبکات کە لە ژیانی واقیعدا بوونیان هەبێت، کەواتا کارەکتەر بە ویست و ئارەزووی رۆماننوس پێشکەش دەکرێت، بۆیە بۆچونێکی دیکەش لە بارەی جۆری کارەکتەرەوە سەرهەڵدەدات و دەڵێت: جۆری (شیکاری و نمایشکردن)، لەشێوەی شیکاریدا رۆماننووس لەدەرەوە چاودێری کارەکتەر دەکات، وێنە دەکێشێت و لەبیر و بۆچون و بەرەوپێشچوونی دەکۆڵێتەوە هەندێك هەڵسوکەوت و رەفتار و رەوشتی لێك داوەتەوە و بۆچوونی خۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر کار و کردەوەکانی دەدات، لەشێوەی(نمایشکردن)دا رۆماننوس رێگە بەکارەکتەر دەدات بەخۆی گوزارشت لەخۆی بکات(الصالح، 2001، 173). بەشێکی زۆری رەخنەگران نمایشکردن، نواند، لەدراماداا بەشیاو و پەسەندتر دەزانن، بەڵام باشترین و (( گرنگترین رێگە بۆ پێشکەشکردنی کەسەکان، ئەوەیە لەرێگەی کار و کردەوەوە پێشکەش بکرێن))(سابیر،2001: 189).

لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە کارەکتەر لەرۆماندا دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە ئەوانیش (کارەکتەری پەرەسێن و کارەکتەری سادە)، کارەکتەری پەرەسێن، ((رۆڵێکی گرنگ و پرپایەخی هەیە، لەبەرەو پێش بردنی رووداوەکاندا و بەشداری راستەوخۆیان لە گەشەکردن و گۆڕینی رێرەوی رووداوەکاندا هەیە، بەپێی ئەنجامی کاریگەرییان لەگەڵ رووداوەکان، سیفەت و پێکهاتەی کەسایەتیەکەی دەردەکەوێت و چەندین کارو کردەوە و هەڵسوکەوتی نوێی دەبێت))( مەجید، 2013: 27). کارەکتەری سادە، زۆرجار شوێنکەوتەی کارەکتەری پەرەسێنە و کار و کردەوەکانیان دەردەخەن، لەبارێکی دیکەدا بەکارەکتەرێکی نەگۆڕ و چەسپاو ناودەبرێت، بەو واتایەی کە کارەکتەری سادە، ((کارەکتەرێکە لەچیرۆکدا ناگۆڕێت، یان گۆڕانێکی کەمی بەسەردا دێت، بەواتایەکی تر ئەم جۆرە کارەکتەرە لە کۆتایی چیرۆکدا بەهەمان شێوەی سەرەتای چیرۆکەکە دەمێنێتەوە))(حاجی، 2009: 175).

کارەکتەرەکانی رۆمان زێتر لە کەسێتی مرۆڤ و بەهەموو جۆرەکانییەوە پێکهاتووە، بۆ ئەمەش دەکرێت گرانی توێژینەوەکەمان تیشکخستنەسەر کارەکتەری کارا و چالاکەکانی نێو رەوتی رووداوەکانی رۆمان بێت، لەم رووەوە فۆرستەر دەڵێت: ((بۆیە ناوی کارەکتەرەکان زێتر بەکەسێتی ناوم بردوون ، چونکە ناکرێت لە بواری دەروونناسیی کار لەسەر ئاژەڵ و ئەوانی دی بکەین)) (فورستر،١٩٨٥ : ٦٣)

لەنێو بەرهەمەکانی رۆمان ، یاخود هەموو ئەوانەی رۆژهەڵات، کەسێتی یان کارەکتەر بەشێوەیەکی گشتی پێکهێنەر، یاخود دەتوانین بڵێین یەکێکە لە ستوونە ئەکتیف و هونەرییەکانی پەیکەری رۆمان، ((لە نێوان بەرهەمە گرنگەکانی رۆمان، کارەکتەر گرنگترین داهێنراوە، کە لە فۆرمگەلی دیکەی گێڕانەوەی (حەماسەتئاسا)، یاخود مێدیاکانی دیکەی وەک (فیلم )یش دەتوانێت چیرۆکێك بگێڕێتەوە، کە لەئاستی دەوڵەمەندیی و هەمەرەنگیی و قوڵیی دەروونناسی لەوێناکردنی سرووشتیی مرۆڤەکان بێت، و ئەمەش هیچ شتێک نەگاتە ئاستی مەزنێتیی رۆمانی ئەوروپایی، بەم پێیە لە توێژینەوەی هونەریی، لەبەرئەوەی کارەکتەر دژوارترین ستوونی هونەریی چیرۆکنووسینە، هۆکارەکەشی تا

ئاستێی زۆری جۆرەکانی کارەکتەر و زۆریی شێوەگەلیی نواندنییانە : .....))( لاج، ١٣٨٨: ١٢٧ ).

کارەکتەر بەهەموو جۆرەکانییەوە بەردەوام و لەسەرەتای ئەزموونی چیرۆکی هونەریی یان سەرەتاکانی لەدایکبوونی رۆمان بووە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی لەبونیادی ژانری رۆماندا، هەڵبەت کارەکتەری سەرەکییش شوێنێکی دیار و خویای لە چنینی ڕووداوەکان داگیردەکات، بەتایبەت لەنێو هەردوو ژانرەکانی کورتەچیرۆک و کورتە رۆمان و رۆماندا ((لەسەدەکانی خوارەوەدا و لە سەدەی نۆزدەهەم و لە گەرمەی شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی چینی بۆرجووا و دروستبوونی شار و گۆڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، کارەکتەر شوێنێکی خویای لە نێو دەقەکورتە چیرۆک و رۆمانەکاندا وەرگرت و بوونی سەربەخۆیی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکان نیشاندا، لێرەوە کارەکتەری سەرەکی (پاڵەوان)یش وەکو کارەکتەرێکی دیارێکی دیار و بەرجەستە لەرۆمان و چیرۆکدا بەگشتی و لەکورتەچیرۆکدا بەتایبەت ڕۆڵێکی کارا و ئەکتیڤی هەیە ... ))(دەوڵەت، ٢٠١١: ٤٣).

زەمەن یان کات لە نێو هەردوو ژانرە جیاوازەکانی کورتە چیرۆک و رۆماندا جیاوازە و هێندی ڕووداوگەل یان قۆناخ و ماوەکان جۆر و ئەکتیڤبوونی کارەکتەرەکان نیشاندەدەن ((کارەکتەر یان کارەکتەری سەرەکیی کورتە چیرۆک بە قۆناخێکی دیاریکراوی تەمەنێکدا یان لە نێو سەردەمێکی دیاریکراو یان ڕۆژێک لە ژیان و گرتەیەکدا دەژی، بەڵام لە رۆماندا کەسەکان لە هەندێ بەرهەمدا بە قۆناخەکانی تەمەندا هەر لە زارۆکێی تا پیریی دەڕوات .)) (دەوڵەت، ٤٥)

کارەکتەری ڕۆمان و جۆرەکانی هەمیشە دەبێت ئەکتیڤ و زیندوو بێت و لەگەڵ تەواوی بوونەور و پێکهاتە و بونیادەکانی رۆمان بەرکەوتی هەبێت و ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تیدا دیاربێت هەر بۆ ئەمە ئیدوارد مۆرگان فۆرستەر ١٨٧٩ – ١٩٧٠ دەڵێت : ((بەرامبەر بەو پرسیارەی، کە ئایا لە ژیانی ڕۆژانەدا دەتوانین لەیەکدی تێبگەین؟ ئەمڕۆ بابەتێک کە لەبارەیەوە دید وبایەخی هەیە، بابەتی وتەکەشمان کەسێتییەکانی داستانە لە پەیوەندییان بە تەواوی بوون وپێکهاتەی رۆمانە ... ))(فورستر، ، ٩١).

**1-3- پوختەی رۆمانی بووە کوێرە:**

ڕۆمانی بووەکوێرە، کاتێك خوێنەر دەست بۆ خوێندنەوەی رۆمانێکی لەم چەشنە دەبات، ڕاستەوخۆ ختوکەیەك بەمێشکی دا دێت و موچڕکەیەك تەواوی لەشی دەتەنێت، ڕۆمانی بووەکوێرە یەکێکە لە نەمرترین سوژەی ئەدەبی، کە نووسەرێکی بوونگەری وەکو صادق هیدایەتی نوسیویەتی، ئەم نووسینە سەرەتای بەرهەم هاتنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی 1936ی زاینی کاتێك نووسەر لە گەشتێك بۆ هیندستاندا بووە بڵاوی کردووەتەوە.

ئەم ڕۆمانە باس لە کارەکتەرێکی تێکشکا و دەروون ڕووخاو دەکات. کاتێك بۆ لەبیرکردنی کێشەکانی پەنا دەباتە بەر مادەی هۆشبەر، ئەم کارەکتەرە بە هەموو شێوەیە کلتور و داب و نەریت و ئاین و سیاسەت و کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە، کارەکتەرێکی ڕەشبینە و مەرگ و کوشتن بەرچاوی دەگرێت، واتا تەواوی ڕووداوی ناو رۆمانەکەش هەر لە دەوری مەرگ دەسوڕێتەوە.

لەسەرەتاوە نووسەر لە ڕێگەی میتا فیکشنەوە تەواوی ڕووداوەکانمان بۆ دەستنیشان دەکات. دواتر خوێنەر سەرپشك دەکات، تاوەکو بەئارەزووی خۆیان بڕیار لە ڕووداوەکانی ناو رۆمانەکە بدەن، بۆیە لە دەسپێکدا لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکییەوە کێشەکان ئاشکرادەکات، کە کارەکتەری سەرەکی( بووەکوێرە) خۆی دەئاخنێتە ناو ژورێکەوە و لە خەندەقێکدا لە شاری ڕەی، باس لەو دەردانە دەکات کە دوچاری بووە.

ئەو پیشەی نیگار کێشانە و هەمیشە لە بەرگی قەڵەمدانەکەیدا نیگار دەکێشێت، هەمیشە وێنەکەی پێکهاتووە لە کیژۆڵەیەکی ڕەشپۆش، کە هەر لەسەرەتاوە دیارە مەرگ دەست پێدەکات، ئەمەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە کارەکتەری رۆمانەکە لە کونێکەوە ئەو کچە دەبینێت کە وێنەی کێشاوە، ئیدی شەیدای ئەو کچە تەمئاسایە دەبێت. تەواوی ژیانی دەگۆڕێت، کاتێك لە خۆرئاوابووندا کیژۆڵەکە لەبەردەرگا دەبینێت، ئیدی لەشێوەی زیندەخەونەوە دەست بەگێڕانەوەکان دەکات. هەرچەندە ئەمە شتێکی نوێبوو بۆ حیکایەتخوان کە لەهەمانکاتیشدا کارەکتەری سەرەکی ناو رۆمانەکەیە، بەڵام بەتەواوی بەسەرهاتەکان ئاشنایە.

لێرە بەدواوە کارەکتەری سەرەکی حیکایەتەکان بۆ سێبەری خۆی دەگێڕێتەوە، کارەکتەر کە کەسێکی گەنج و لاو دەردەکەوێت، هەمیشە خۆی بە کەسانی خراپ و خوێری و بۆرەپیاوان بەراورد دەکات و ڕقی خۆی پێیاندا دەڕێژێت.

دکتۆری کارەکتەری سەرەکی، دایەنە پیرەکەیەتی لەگەڵ ژنەسەلیتەکەیدا، کە چەندین دەواو دەرمانی گیراوەی بۆ دەکەن و دەخواردی دەدەن، کۆتاییەکەشی بە کوشتنی خۆی و ژنەکەی دێت، ئەو کاتەی بە چەقۆیەکەوە لە ناو ژوورەکەیدا بەمردووی کەوتووە و چەند مێشولەیەك لەدەوری سەری گیزەگیز دەکەن.

**1-4- پوختەی چیرۆکی کۆتری سپی:**

چیرۆکی کۆتری سپی، یەکێکە لە بەرهەمە دیار و سەرەتاییەکانی نووسەری کوردی باکور، فرات جەوەری، کە سەرەتای نووسینی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1989ی زایینی، کە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە. لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، نووسەر بەشێوەیەك پەرژاوەتەسەر ئەوەی کە بەئاماژەیەکی کەم شێوازی میتا فیکشن بەکار بهێنێت لە بونیادی چیرۆکەکەدا.

ناوەڕۆکی کۆتری سپی باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە، هەڵدەسێت بە کوشتنی خوشکەکەی خۆی بە بیانووی پاکردنەوەی نامووس، کە لە لایەن مامییەوە هاندراوە. کارەکتەری سەرەکی پاش ئەوەی هەڵدەسێت بە کوشتنی خوشکەکەی زیندانی دەکرێت لەپاش زیندانیکردنی، ئیدی باری دەروونی تێك دەچێت و خۆی دەئاخنێتە ژووری کارکردنەکەیەوە و هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەڕوانێتەدەرەوە.

لەو ماوەیەی کە باری دەروونی تێك دەچێت چەندین جار دەیبەنە لای پیرۆژنی لادێ تاوەکو هەندێك دەرمانی پێبدەن و دوعا و نوشتەی لەسەر بخوێنن تاوەکو هەندێك باری تەندروستی باش ببێت، بەڵام کارەکتەری ناو چیرۆکەکە ڕەتی دەکاتەوە.

لە کۆتاییشدا کۆتایی لە ڕێگەی زیندە خەونەوە لە کونی پەنجەرەکەوە خوشکەکەی دەبینێت و خوشکەکەی بانگی دەکات، ئەمیش دوای دەکەوێت و دەڕوات، لە ئەنجامدا دەکەوێتەخوارەوە و دەمرێت، لە بەرەبەیاندا لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەیاندا بەمردووی دەکەوێت و چەند مێش و مەگەزێك لەسەر سەری گیزەگیز دەکەن.

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە ڕەخنە گرتنێکی جدیە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کلتور و دابونەریت، لە تەواوی چیرۆکەکەدا مەرگ و کوشتن ئامادەییان هەیە.

**بەشی دووەم: کارەکی توێژینەوەکە:**

ڕۆمان وەکو ژانرێکی دیاری نێو دونیای ئەدەب، جێگەیەکی دیار وگرنگی هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیام و بیرە هەمە چەشنانەی کە لەناوەڕۆکی ڕۆماندا کۆ بووەتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە ئەم ژانرە ببێتە هەوێنێك بۆ بونیادنانی ژانری دیکەی وەکو شیعر و چیرۆك و پەخشان... هتد، بەو واتایەی وێژەر دەتوانێت سود لە ناوەڕۆکی ڕۆمانێك وەربگرێت و ژانرێکی دیکەی پێ بونیاد بنێت، ئاشکرایە کە ڕۆمان چەندین ڕەگەزی دیاری هەیە و هەموویان پێکەوە کارلێکدەکەن و هەیکەلی ڕۆمانێك پێك دێنن، یەکێك لە ڕەگەزە دیارەکانی کارەکتەرە، ئەم ڕەگەزە پردی پەیوەندییە لەنێوان ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب دا، لە ڕۆماندا کارەکتەر جێگەیەکی گرنگی گرتووە، لە هەمانکاتدا هۆکارێکیشە بۆ پێکەوە گرێدانی ڕەگەزەکانی دیکە، چیرۆك بەهۆی کەمی ڕوداو و کارەکتەرەکانیەوە دەتوانێت سود لە ژانرێکی دیکەی گەورەتری وەکو ڕۆمان ببینێت، لە بوونیادنانیدا. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕۆمانی (بووەکوێرە)ی صادق هدایەتی یە، کە لە فۆرمی گشتیدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر چیرۆکی (کۆتری سپی) فرات جەوەری، بەشێوەیەك کە ڕەخنەگری ورد دەتوانێت بە ساناپی پەی بەو کاریگەرییە ببات و دەستنیشانی لێکچوونەکانیان بکات، بەتایبەت لە ڕووی کارەکتەرسازی و هەڵسوکەوتی کارەکتەری سەرەکی و باری دەروونی کارەکتەری سەرەکی و بونیادی گشتی بیرۆکەی ڕۆمانی (بووەکوێرە) و چیرۆکی (کۆتری سپی)دا، لێرەدا هەوڵدەدەین جیاوازی و لێکچوونەکانیان دەستنیشان بکەین، بەپێی سنوری توێژینەوەکەمان.

## 2-1- کارەکتەری سەرەکی.

کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بووەکوێرە، کە سایەتییەکی گەنجە، بەڵام تێك شکاو و ڕەشبینە، نامۆیە بە هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی ژیانی خۆیی و کۆمەڵگاکەی، بەو واتایەی کە سەرجەمی کلتور و دابونەریت و سیاسەت و ئاین بەهۆکاری نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی دەزانی، بۆ لە بیرکردنی خەم و ئازار و ناخۆشییەکانی ئەو ڕۆژگارەی کە تێی کەوتووە، پەنا دەباتە بەر شەراب نۆشین و تریاك کیشان، لە هەمانکاتدا بۆئەوەی خۆی لە پێڕی نەفام و بەختەوەرەکان جیابکاتەوە. خۆی دەئاخنێتە نێو چوار دیواری ژوورەکەیەوە.(( بەتەواوی خۆمم لە پێڕی بنیادەمەکان، پێڕی کەودەنەکان و بەختەوەرەکان کێشایە دەرێ و بۆئەوەی فەرامۆشی بکەم، پەنام بردە بەر شەراب و تریاك، ژیانی من بەدرێژایی ڕۆژ لەنێو چوار دیواری ژوورەکەمدا ڕادەبرد و ڕادەبرێ، سەرتاپایی ژیانم لەنێو چوار دیواردا تێپەڕیوە)) (هیدایەت، 2018: 16).

کارەکتەری سەرەکی ناو چیرۆکی کۆتری سپی، کارەکتەرێکی گەنجە، بەڵام بەهۆی زیندانیکردنیەوە شێوەی تەواو گۆڕاوە و تاڵەسپییەکی موی ڕەش بەپرچییەوە نەماوە، دەم و چاو و ڕوومەتی تێکشکاوە و شێوەی پیرەپیاوێك دەدات، پاش ئازادکردنی بۆ لەبیرکردنی خەم و ئازارەکانی هەموو ڕۆژێك خۆی دەئاخنێتە ژووری کارکردنەکەی و سەرقاڵی خوێندنەوەی پەرتوك دەبێت و لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکات ((ئێستا لەنهۆمی سێیەمی باڵەخانەکەدا، لەپێش پەنجەرەی ژووری کارکردنەکەی ڕاوەستابوو و تەماشای بارانی سەرەتای پایزی دەکرد، جارجارە لەپڕا

پێدەکەنی و سرتەیەکی دەکرد و لە ژێر لێوەوە شتێکی دەگوت، دیسان بێدەنگ دەبوو))(جەوەری، 2015: 9).

کەرەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بووە کوێرە، دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی ترسناك بووە و چارەی زۆر زەحمەتە چەندین جار دەیبەنە لای حەکیم، بەڵام حەکیم هیچ سەر لە نەخۆشییەکەی دەرناکات و تەنها دەڵێت پێویستە ئەو تریاك بکێشێت، ((حەکیم بە سێ بست ڕدێنەوە هات و فەرمانی دا، کەمن تریاك بکێشم، چ دەرمانێکی بەنرخ بوو بۆ ژیانی پڕ لە دەردی من! کاتێك تریاکم دەکێشا، خەیاڵەکانم فراوان، ناسك و سحراوی دەبوون و لەشەقەی باڵیان دەدا، لە شوێنێکی دیکەی جگە لەم دنیایە، کەیف و سەفام دەکرد))( هیدایەتی، 2018: 91).

بەهەمان شێوە کارەکتەری سەرەکی ناو چیرۆکی کۆتری سپی دووچاری نەخۆشییەکی دەرونی دەگمەن بووە و بۆ چارەسەر دەیبەنە لای دکتۆر، بەڵام دکتۆر هیچ سەر لە نەخۆشییەکەی دەرناکات، بۆیە ناچار دەبێت و دەڵێت بیبەنە ئەنکەرە، ((باوک و خزمانی نزیکی هەرزوو هەستیان بەو حاڵەتەی کردبوو، بۆیە بردبوویانە لای پزیشکێکی ناسراویان، پزیشکیش شتێک لەنەخۆشییەکەی تێنەگەشتبوو، تەنیا گوتبووی " بێویستە ئێوە ئەو ببەن بۆ ئەنقەرە))(جەوەری، 2015: 9).

بۆ چارەسەری ئەو بارە دەروونیەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بووەکوێرە، لە پاش نائومێدبوون لە چارەسەرییەکەی حەکیم، پەنا دەبەنە بەر دەوا و دەرمانی سونەتی، بەڵام لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە ڕەت دەکرایەوە، بەو واتایەی کە کارەکتەری سەرەکی بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بە وەها چارەسەرییەك نەبووە و بە شتێکی گاڵتەجاری دایناوە، ((لە چوار شەممەی سەردا، چوو بووە شەمۆڵە، دەفرێکی هێنا، کە پیاز، برنج و ڕۆنی گەنیوی تێدا بوو و وتی هەموو ئەوانەی بەنییەتی چاکبوونەوەی من سواڵکردووە و بەدزییەوە هەموو ئەو گەندوو گووانەی دەدا بەدەرخواردمدا، ناو بەناویش جۆشانەکانی حەکیمی دەکرد بەگەروومدا، هەمان ئەو جۆشانە تروهاتانەی، کە بۆمی نووسیبوون))(هیدایەتی، 2018: 94).

هەر بەو شێوەیەش کارەکتەری سەرەکی ناو چیرۆکی کۆتری سپی دەیبەنە لای پیرێژنی لادێی تاوەکو هەندێك دەوا و دەرمانی پێ بدات و هەندێك نوشتەی لەسەر بخوێنێت، بەهەمان شێوە ئەمیش باوەڕی بە وەها چارەسەرییەك نابێت و ڕەتی دەکاتەوە و تەنانەت بە گاڵتەجاڕی و پێکەنین ئامێز دایدەنێت، ((ڕۆژێک پیرەژنێکی لادێییان هێنا، تاوەکو هەندێک دەرمانی بداتێ و چەند شتێکی لەسەر بخوێنێت، بەڵام ئەو نزیکەی دە خولەک هەر بەو پیرەژنە پێکەنی بوو، پاشان پڕی دابووە پیرەژن و دەستی خستبووە بینەقاقای، ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەی لەوێ نەبان لەوانەبوو ئەو پیرەژنە بخنکێنێت، پیرەژنی بەستەزمان بەهەر نق و جقێک بوو.. خۆی لەژێر دەستی دەرهێنا و بەخێرایی لەماڵیان دەرپەڕی و بەهەموو هێزییەوە ڕایکردبوو))( جەوەری، 2015: 10).

کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بووەکوێرە، چەندجارێك لەشێوەی زیندەخەون کچەکە دێتە پێشچاوی، واتا بەچەند قۆناغێك بەرکەوتنی لەگەڵی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کە لەداهاتوودا دەبێتە ژنی، لە حاڵەتی یەکەمدا لەو کاتەدابووە کە، ((لە ناکاو لە کونی هەوا گۆڕکێی ڕەفەکەوە چاوم بەدەرێ کەوت، بینیم لە مەیدانی پشتەوەی ژوورەکەم، پیرەمێردێکی قەمبور، لەژێر دار سەوڵێکدا دانیشتووە و کیژێکی لاو، نا فریشتەیەکی ئاسمانی لەبەردەمیدا وەستاوە، داهاتبووەوە و بەدەستێکی گوڵە شلێرەی شینی دەدایێ، لە حاڵێکدا پیرەمێردەکە نینۆکی قامکی دۆشاومژەی دەستی چەپی دەجاوی. کیژەکە رێك بەرامبەری من بوو، وەلێ وا دەکەوتە پێشچاو، هیچ ئاگایی لە دەورووبەری خۆی نەبێت. سەیری دەکرد، بیض ئەوەی سەیری کردبێ، بزەیەکی سەرگەردانانە و ناویستانە لە گۆشەی لێویدا وشك ببوو))(هیدایەتی، 2018: 20).

بەهەمان شێوە کارەکتەری ناو چیرۆکی کۆتری سپی، بۆیەکەمجار لەشێوەی خەیاڵ و زیندەخەوندا خوشکە کوژراوەکەی خۆی دەبینێت، ئەوکاتەی کە تەماشای دەرەوەی دەکرد و لە بارانی سەرەتای پایزی دەروانی، ((چاوەکانی زەق بوو بوون، بەو چاوە زەقانەی تەماشای هەورەکەی کرد، بەڵێ ڕاست بوو، لەناو هەورە ڕەشەکەدا کۆترێکی سپی بەدەرکەوت، هەرچەند کۆترە سپییەکە نزیک دەبووەوە گەورەتر دەبوو، هەرکە گەورەتر دەبوو لەخوشکەکەی ئەو دەچوو. بەڵێ، ئەوە خوشکی بوو ، کە بەچاوی خۆی دەیبینی، ئانیشکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، بەهەردوو دەستی لێواری مێزەکەی بەتوندی گرت و تەماشای خوشکەکەی خۆی کرد، کە کراسێکی ناسکی لەبەردابوو، گوڵینگەیەکی بەسەری خۆیەوە گرێ دابوو لەشێوەی ئەو گوڵنگانەی کە لە سەری ئەسپ دەبەسرێت، لەپێش پەنجەرەکە دەفڕی و دەیەویست لەپەنجەرەکەوە بێتە ژورێ، کاتێک کوڕە ئەمەی هەست پێکرد، لەجێگەی خۆی هەستا و پەنجەرەکەی واڵا کرد، بە واڵابوونی پەنجەرەکە خوشکەکەی فڕییە ژوورەوە)) (جەوەری، 2015: 10).

بۆ جارێکی دیکە کارەکتەری ڕۆمانی بووەکوێرە کیژۆڵەکە دەبینێتەوە، بەڵام ئەمجارە هەندێك گۆڕاوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا ئەمە هەمان کیژۆڵەیە، ساڵانی رابردووی بەپێشچاوی خۆی دەهێنێتەوە، ((لەپڕێکا بینیم لەپشت درەختەسەوڵەکانەوە، کیژۆڵەیەك هاتەدەرێ و چوو بەرەو قەڵاکە، جلێکی ڕەشی لەبەردابوو، وەك بڵێی بە ئاوریشم چنرابوو، ... بەڵام ئەم جارە بەم چاوانەی خۆم بینیم، کە بەبەردەممدا تێپەڕی و ون بوو. ئایا ئەو بوونەوەرێکی ڕاستەقینەبوو یان خەیاڵێك بوو؟ ئاخۆ خەونم بینی بوو یان لە بێداریدا بوو... ئەو دیمەنەی لە پێشچاوم بوو لە پڕ ئاشنا هاتە بەر زەینم، ڕۆژێکی سیازدەبەدەری منداڵیم هاتەوە بیر، کە هاتبووم بۆ ئێرە، ئەو سەڵیتەیە و دایکیشی بوون. ئاە ئێمە ئەو ڕۆژە لەپشت هەمان ئەم درەختە سەوڵانە، چەنێ یەکترمان ڕاونا و وازیمان کرد))(هیدایەتی، 2017: 82-83).

لە چیرۆکی کۆتری سپی دا بۆ جاری دووەم کچەکە دێتەوە پێش چاوی کارەکتەری سەرەکی، بەڵام ئەمجارە هەندێك گۆڕابوو، بۆ ناسینەوە، کارەکتەر کاتی پازدە ساڵی ڕابردووی بەبیر خۆی دەهێنێتەوە، لەبەرئەوە تەواو شێوابوو باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە ڕاستە، یاخود خەونە، ((ئەم جارە وەک ئەوەی پێشوو ون بوو بوو، دیسان دەرکەوتەوە، یان کوڕە وا هەستی دەکرد، ئەمجارەیان بەوردی تەماشای خوشکەکەی دەکرد، بینی ئەڕێ ڕاستە، ئەوەی خۆی هاویشتە ژوورەوە و دەست و قامکی نوشتاندوەتەوە، خوشکەکەی ئەوە، خوشکی چەند خولەکێک پێشووتر بەڕووخساری گەشاوەی وەک هەناریەوە، کراسێکی تەسکی سپی لەبەردا بوو، ئیستا لەپێش چاوی ئەو وەک پازدە ساڵی پێشوو بوو، قژێکی ئاڵۆز وکراسێکی دادراو، لاواز و بێ هێز، هەر بۆیە کوڕە لە ناکاو هاواریکرد بەهاوارکردنێکی لەسەر یەک و چەندجارێک گوتی "نا نا!"))(جەوەری، 2015: 17).

دیارە لێکچوونێکی زۆر بەدیدەکرێت، بەوەی کە لە بینینی ئەمجارەدا هەردوو کارەکتەر ڕادەمێنن، لەوەی کە ئایە ئەمە ڕاستە و خەون نییە؟، ئایە بەڕاستی ئەمە هەمان ئەو کچەی پێشووە؟، بۆیە ڕابردووی خۆیان بەبەرچاو دەهێننەوە، کارەکتەری ڕۆمانی بووەکوێرە سەردەمی منداڵی کچە بەبیر خۆی دەخاتەوە و کارەکتەری چیرۆکی کۆتری سپی پازدە ساڵی پێشووتری خوشکەکەی دەخاتە پێشچاو.

جیاوازییەکەشیان ئەوەیە کە کیژۆڵەکەی ناو ڕۆمانی بووەکوێرە، جلی جوان و ئاوریشم ئاسایی پۆشیبوو، بەڵام کیژۆڵەی ناو چیرۆکی کۆتری سپی کراسێکی دادڕاو و شڕی لەبەردابوو.

کارەکتەری ناو ڕۆمانی بووەکوێرە، هەڵدەسێت بەکوشتنی ژنە سەڵیتەکەی، کە خۆی پێی وایە ئەو ژنەی سەڵیتەیە، دیارە بە کارهێنانی ووشەی سەڵیتە لەبەرامبەر ژنەکەیدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پێی وایە ژنەکەی بێناموسە، هەر بەو بیانووەش دەیکوژێت، ئەگەر چی چەندینجار هەوڵدەدات نەیکوژێت و ئەو چەقۆیەی کە پێیەتی دەیشارێتەوە و دوری دەاتەوە لەخۆی، لەسەرەتاوە کە بۆ کوشتنی ژنەکەی دەڕواتە ژوورەوە، ژنەکەی پێکەنینێك دەکات و ئەمیش لە شەرمان کارەکە ئەنجام نادات، ((ئەگەر ئەو پێنەکەنیبا، دەبوایە ئەو کارەم لەشەودا جێبەجێ بکردایە، تا چاوم نەکەوتبایە بەچاوی ئەو سەڵیتەیە، چونکە شەرمم لە حاڵی چاوەکانی دەکردەوە، لۆمەیان دەکردم، سەرەنجام لەتەنیش جێگاکەی پارچە قوماشێکم هەڵگرت، کە لەبەر پێمدا کەوتبوو بەترس و لەرزەوە ڕامکردە دەرەوە، کێردەکەم فرێدایە سەربان))(هیدایەتی، 2018: 123-124).

بەهەمان شێوە کارەکتەری چیرۆکی کۆتری سپی، چەند جارێك هەوڵدەدات خوشکەکەی خۆی بکوژێت بە بیانووی شەرەف و پاککردنەوەی ناموو، بەڵام ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمەش لەکاتێکدا کە تەماشای خوشکەکەی خۆی دەکرد، ((دووجار ڕۆشتبووە ئەو ژوورەی کە خوشکەکەی لێبوو و نیشانی لێگرتبوو، بەڵام دەستی تێنەچووبوو، دەستی شل بووەوە و بەپێوە ڕاوەستابوو تەماشای خوشکەکەی خۆی دەکرد، خۆشکەکەشی خۆی نوشتاندبووەوە و بەپرچی ئاڵۆز و تێکچرژاوەوە کە لە شێوەی پیرەژنێک دەچوو، تەماشای براکەی خۆی دەکرد، نە ئەو و نە براکەی شتێکیان لەگەل یەک نەگوتبوو))(جەوەری، 2015: 15).

کارەکتەری ناو ڕۆمانی بووەکوێرە، بۆ شەوی داهاتوو خۆی دەکات بەژووری ژنە سەڵیتەکەیدا و پاش تێکەڵاوبوون و ڕامووسان، دواجار بە خۆنەویستی کێردەکە دەکات بە لەشی ژنەکەیدا و دەیکوژێت ((بەشێنەیی لە تاریکیەکەدا خۆمکرد بەژووردا، عەبا و مل پێچەکەم دانا، ڕووت بوومەوە، وەلێ نازانم هەر بەو جۆرەی کێردەکە بەدەستمەوە بوو... تا پێم وابوو شێت بووە، لەو کێشمەکێشمەدا، لەخۆوە دەستم ڕاوەشاند و هەستم کرد کێردەکەی دەستم ڕۆچوو بەشوێنێکی لەشیدا ))( هیدایەتی، 2018: 130-131).

بەهەمان شێوە لە کۆتاجاردا کارەکتەری ناو چیرۆکی کۆتری سپی هەڵدەستێ بەئەنجامدانی کوشتنی خوشکەکەی خۆی ((ڕۆژی سێیەم، کاتێک براکەی لەنیوەشەودا و بەپرتاو خۆی کرد بەژووری خوشکەکەیدا، بینیبووی خوشکەکەی لە

قوژبنی ژورەکەدا بەپێوە ڕاوەستاوە ((کاتێک خوشکەکەی چاوی پێی کەوتبوو، هەروەکو چۆن پێی گوترابیت کە ئەو ئەمجارە دەکوژرێت، بزەیەکی بەڕووی براکەیدا پژاندبوو، کچە ئەوکاتە لەپێش چاوی براکەی شێوەی جاڵجاڵۆکەیەکی دەدا، کورە بەم ڕەوشەی خوشکەی وا ترسابوو، وەک ئەوە بوو کە گۆزەیەک ئاوت بەسەر و چاویدا کردبێت، چاوەکانی ئەڵێی لە ناو خوێنداندا بوو، وەک کورەی ئاگر سور هەڵگەڕا و ئەبڵەق بوو بوون، ڕووە و خوشکەی هاواریکرد و فیشەکێکی نابوو بەنێوچەوانییەوە و مێشکی پژاندبوو، لەگەڵ یەکەم فیشەک کچە پێیەکانی سڕ بوو بوون و کەوتبووە سەر زەوی))( جەوەری، 2015: 16).

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەردوو کارەکتەرەکە بەبیانووی شەرەف تاوانەکەیان ئەنجام داوە، لە هەمانکاتیشدا بەویست و ئارەزووی دڵی خۆیان نەبووە، بەڵکو ڕۆژگار و کلتور وای بەسەریان هێناوە، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا هەردوو ئافرەتە کوژراوەکە بزەیەك بەڕووی بکوژەکەیاندا دەکەن، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی کوشتنی خۆیان، بەواتایەکی دیکە، ئەم کارەیان باری دەروونی و ویژدانیان دەبزوێنێت، بۆیە سەری خۆیانی لەسەر دادەنێن.

کارەکتەری ڕۆمانی بووەکوێرە، لەپاش کوشتنی ژنە سەڵیتەکەی، باری دەروونی تێك دەچێت و هەموو شتێك لە شێوەی زیندە خەوندا دەبینێتەوە، هەڵدەسێت بەکوشتنی خۆی، بەڵام لەشێوەی وەهمیکدا، کاتێك لەبەرە بەیاندا و دوای کوشتنی ژنەکەی دەرگای پەنجەرەی کە ڕووی لە کۆڵانەکەیە دەکاتەوە و تەماشا دەکات، هەمان ئەو پیرەمێردەی کە کێردەکەی پێدابوو، لەپاش خۆکوشتنی دەبینین، دوو زەردەواڵە لەدەور سەری دەفڕن و کرمی سپی بەر بووبوونە سەر لاشەی، ((هەرکە ویستم لە جێی خۆم بزوم، چووە دەرێ، هەستام ویستم بەدوایدا ڕابکەم و ئەو گۆزەیە، ئەو پریاسکە پێچاوەی لێ بسەنم، وەلێ ئەو بەگورجوو گۆڵییەکی تایبەتەوە دوور کەوتبووەوە، من گەڕامەوە پەنجەرەی ڕووەو کۆڵانی ژوورەکەمم کردەوە، تارمایی چەماوی پیرە مێردەکەم لە کۆڵاندا بینی، کە شانەکانی لەتاو پێکەنین دەلەرزینەوە، پریاسکەکەی نابووە بن هەنگڵی، لەقان لەقان دەرۆیی، تاکو بەتەواوی لەودیو تەمومژەکەوە لەبەرچاو بزر بوو، من ئاوڕم بەلای ئاوێنەکەدا دایەوە و لەخۆمم ڕوانی، بینیم جلەکانم شڕ، سەرتاپام لەخوێنی دەڵەمە هەڵکشا بوو، دوو زەردەواڵە بەدەور و بەرمدا دەفڕین و کرمی سپی چکۆلە لەسەر لەشم تێك وەر دەبوون و قورسایی مردوویەك سنگی دەگوشی))(هیدایەتی، 2018: 132).

بەهەمان شێوە کارەکتەری چیرۆکی کۆتری سپی، کاتێك دەرگای پەنجەرەکەی دەکاتەوە، لە شێوەی وڕێنە و زیندەخەوندا خوشکەکەی دەبینێت، کە خوشکەکەی بانگی دەکات و دەڵێت وەرە لەگەڵم ئیدی ئەمیش ئاگای لەخۆی نامێنێت و بەدوای دەکەوێت، لەپەنجەرەکەوە دەکەوێتە خوارەوە و لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بەر زەوی دەکەوێت، ئەمەش بە هۆی ئازاری ویژدانەوە ئەم خودکوژییەی ئەنجام داوە لە کۆتایشدا هەر وەکو کارەکتەری ڕۆمانی بووەکوێرە، لە پاش مردنی چەند مێشولەیەك لەدەوری سەری گێزەگێز دەکەن،(( بەیانی زوو، کاتێک کە مەلا لەمزگەوت دەگەڕایەوە ماڵ، لە دوورەوە بینی کە وا کەسێک لە ناو کۆڵانەکەدا ڕاکشاوە، سەگ و مشک لە چواردەوری دێن و دەچن و قاچەکانی بۆن دەکەن. هەر کە مەلا نزیک بووەوە، تێگەیشت کە ئەو کورە لاوەی جیرانی خۆیانە، کاتێک لە پەنجەرەکەوە خۆی هاویشتبووە خوار، لەسەر سک کەوتبووە ، پاشان وەرچەرخابووە سەر پشت. نیوەی ڕوومەتی چەپی نەمابوو، میشکی لەسەر زەوییەکە پژابوو. چەند مێشێکی سەوز لەسەر ڕوومەتی گێزە گێزیان دەکرد، مەلا هەڵیفراندن و بە پشتوێنەکەی خۆی ڕوومەتی کوڕەکەی داپۆشی))( جەوەری، 2015: 19-20).

ئەوەی خاڵی لێکچوونی بەسەر هاتی هەردوو کارەکتەرەکەیە ئەوەیە ئازاری ویژدان تەنگیان پێ هەڵدەچنێت، پاش کوشتنی خوشك و ژنەکەیان، خۆیان دەکوژن، هەردوکیان پەنجەرەی ژوورەکەیان ڕووەو کۆڵانەکەیە، کۆتاییەکەشیان چەند مێش و مەگەز و کرمێك لەدەور لاشەکەیانە، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە، کارەکتەری ناوڕۆمانی بووەکوێرە بەشێوەی وەهم خۆی دەکوژێت و کارەکتەری ناو چیرۆکی کۆتری سپی بەشێوەیەکی فیزیکی کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، لە ڕۆمانی بووەکوێرەدا پیرەمێردەکەی کە لە پەنجەرەکەوە دەردەکەوێت هەمان ئەو پیرەمێردەیە کە کێردەکەی بە کارەکتەرەکەداوە، ئەو کەسەی کە دێتەسەر کارەکتەری ناو چیرۆکی کۆتری سپی مەلای مزگەوتەکەیە و بەهەمان شێوە کەسایەتییەکی پیرە.

### 2-2- کارەکتەری ئافرەت:

#### 2-2-1- ئافرەتی کوژراو:

لە ڕۆمانی بووە کوێرەدا ئافرەتێك ئامادەیی هەیە و بە سەڵیتەیی تۆمەتبارکراوە، دواجار ژنی کارەکتەری سەرەکییە، شێوەی بەم جۆرە هاتووە، (( چاوە تیلە تورکەمەنییەکانی، کە پرشنگێکی نائاسایی و مەستهێنەریان هەبوو. هاوکات بنیادەمی دەترساند و سەرەنجی ڕادەکێشا، وەك ئەوەی

بەچاوەکانی دیمەنێکی سامناك و نائاسایی بینیێ، گشت کەسێك نەیدەتوانی ببینێ. روومەتی بەرز، هەنیە پان، برۆی باریك و پەیوەست، لێوی گۆشتنی نیوە کراوە))(هیدایەتی، 2018: 21).

لە چیرۆکی کۆتری سپیدا بەهەمان شێوە ئافرەتێك ئامادەیی هەیە، کە خۆشکی کارەکتەری سەرەکی ناو چیرۆکەکەیە، ئەم کیژۆڵەیەش تۆمەتی ناموسی دراوەتەپاڵ، وەسفی جەستەی بەم شێوەیە هاتووە، ((چاوەکانی لەوێنەی دوو مووروی شین دەدرەوشانەوە، لێوەکانی رەنگێکی سووری هەناری دەبەخشی، باڵای بەرز و ناوقەد باریک و رانەکانی پڕ و گۆشتن بوون، بەم شێوەیە لەسوچێکی ژوورەکەدا بەپێوە راوەستا بوو))( جەوەری، 2015: 10-11).

بەوردبوونەوە لە هەردوو ئەو وەسفانەی ئە بۆ هەردوو ئافرەتەکە کراوە، هەمان وەسفن، ئەو بەسەرهاتەش کەبەسەریان هاتووە، کە کوژراون و تۆمەتی شەرەفیان دراوەتەپاڵ هەمان شتن. بەڵام هەریەکەیان بەپێی شێوازی نووسینی نووسەرەکە بونیاد نراون.

### 2-2-2- کارەکتەری پیرەژنی باو:

لە رۆمانی بووەکوێرە دا پیرەژنی سونەتی، کە دایەنی کارەکتەری سەرەکییە ئامادەیی هەیە، کە دەوا و دەرمانی سونەتی بەکار دەهێنێت لە چارەسەرکردنی دا، وەکو پێشتر نمونەمان هێنایەوە.

هەر بەوشێوەیەش لە چیرۆکی کۆتری سپیدا، کارەکتەری پیرەژنێکی لادێیی هەیە، کارەکتەری سەرەکی دەبەنەلای بۆ ئەوەی چاریسەری بکات و دەوای بداتێ و نوشتەی لەسەر بنوسێت، هەر وەکو پێشتر روونمان کردەوە.

لێکچوونی هەردوو کارەکتەری پیرەژن، ئەوەیە ، کە هەردوکیان دەوا و نوشتە بۆ کارەکتەری سەرەکی دروستدەکەن، جیاوازیشیان ئەوەیەکە، پیرەژنی ناو رۆمانی بووەکوێرە دایەنی کارەکتەری سەرەکییە و پیرەژنی ناو چیرۆکی کۆتری سپی کەسێکی نەناسراو و لادێییە.

### ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:

1- کارەکتەر، لەپاڵ رەگەزەکانی دیکەی (گێڕانەوە و کات و شوێن و رووداو ...) پێکهێنەری دەق رۆمانن، هەروەها گرنگترین رەگەزیشە، چونکە بە بێ کارەکتەر هیچ کاتێك رۆمان پێکناهێنرێت. مەرج نیە کارەکتەر هەمان کارەکتەری واقیعی بن، لەبەرئەوەی کە کارەکتەر بەرهەمی زادەی خەیاڵی نووسەرە. بەواتایەکی دیکە مەرج نییە کاراکتەرەکان کارەکتەری واقیعی بن و لە ژیانی ئاسایی خۆماندا هەستیان پێ بکەین.

2- رۆمانی بووەکوێرە لەپێش چیرۆکی کۆتری بەرهەم هاتووە. نزیکییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو بەرهەمەدا هەیە. جیاوازیەکەشیان زۆرجار بەهۆی بونیادی رووداوی هەردوو بەرهەمەکەوە بووە.

3- لە هەردوو بەرهەمەکەدا کارەکتەری سەرەکی کەسێکی تێکشکاو دەروون رووخاوە و هەڵدەسن بەکوشتنی ئافرەتێك، بەشێوەیەك ئافرەتی ناو رۆمانی بووەکوێرە دەبێتە خێزانی کارەکتەری سەرەکی و ئافرەتی ناو چیرۆکی کۆتری سپی خوشکی کارەکتەری سەرەکیە، هەردوو ئافرەتەکە تۆمەتی شەرەفیان دراوەتەپاڵ.

4- لە هەردوو بەرهەمەکەدا دوو پیرەژن(ئافرەت) بوونیان هەیە و هەمان کار و کردەوە ئەنجام دەدەن.

5- لە هەردوو بەرهەمەکەدا دوو ئافرەت بوونیان هەیە و هەردووکیان دەکوژرێن لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە.

6- لەهەردوو بەرهەمەکەدا چەندین بیر و رووداو و دەستەواژەی چوون یەك هەیە، بەڵام لەبەر سنوری توێژینەوەکەمان ئاماژەمان بۆ نەکردووە.

### سەرچاوەکان:


- برونوف، رولان(1378ش). *جهان رمان*، ترجمە نازيلا خلخالى، چاپ اول، نشر مركز، تهران.
- جەوەری، فرات(2015)،*کۆتری سپی*، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئاڤێستا، ئەستەمبوڵ.
- حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد(2009)، *بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار علی دا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- خەیات، ئاری عوسمان(2019)، *روانگەی رەخنە و روانینی تیۆری*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- دەوڵەت، مەریوانی عومەر (د)(٢٠١١)، *سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردیدا*

*١٩٢٥-١٩٥٠*، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوی سلێمانی، سلێمانی .

- سابیر،پەرێز(2001) *بینای هونەری چیرۆکی کوردی،(لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان)*، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سەڕاج، عەبدوڵڵا(2007)، *بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگا*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عبدللهیان،حمید(1381ش). *شخسیت و شخسیت پردازی در داستان معاصر*، چاپ اول، انتشارات أن، تهران.
- فورستر، ئیدوارد مورگان (١٩٨٥) ،*جنبەهای رمان* ،*ترجمه ابراهیم یونسی*، جاپ پنجم ، مؤسسه انتشارات نگاه ، تهران .
- لاج، دوید (١٣٩١)، *هنر داستان نویسی با نمونەهایی از متن های کلاسیک و مدرن*، ترجمه رضارضایی ،نشرنی ،تهران .
- مەجید، سەردار فایەق(2013)، *بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
- ناصر ایرانی،(1380)، *هنر رمان*، چاپ هشتم، نشر نگاه، تهران.
- هیلال، محمد غنیمی(1996)، *النقد الادبی الحدیث*، نهضة مصر للطباعة و نشر، مصر.
- هدایتی، صادق(2018)، *بووەکوێرە*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی.